Komala Party - Iranian Kurdistan
Central Committee

کۆمەڵە شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی

### راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## دەربارەی هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی

زەوتو نکۆڵی کردن لە مافی خەڵک لە بواری هەڵبژاردن، بەردەوام یەکێک لە پێناسەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیو لە بنەما باوەڕییەکانی بووەو یاسای بنەڕەتی ئەم نیزامەش، لەگەڵ ئیلاهی ناوزەد کردنی ئەم رژیمەو سەقامگیر کردنی ویلایەتی فەقیەو شۆرای نیگابانو زۆرێک لە میکانیزمەکانو بەرتەسکییەکانی دیکەی، بەکردەوە هەر چەشنە هەڵبژاردنێکی لەم نیزامە لە ناوەرۆک خاڵی کردۆتەوە. ئەوەی لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان ناوی لێدەبرێت، لە راستیدا هیچکامەیان لەگەڵ سەرەتایی ترین پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو راستەقینە هاوتەریب نەبووەو ئەم رژیمە، هەرگیز مەجالی بەشداری ئازادانەو هەڵبژاردنی ئازادی بۆ خەڵکو بۆ حیزبەکانو کەسایەتییە سیاسییەکان نەرەخساندووە.

بەڵام هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین دەورەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، لە راستیدا تەنانەت لەگەڵ پێوانەکانی دژی دێمۆکراتیکی ئەم رژیمەش، ریکۆردێک دێتە ئەژمار. ئەمجارە بە کەڵک وەرگرتنی هەرچی بەربلاَوتر لەمیکانیزمەکانی رەد کردنەوەی سەلاَحییەت، تەنانەت ئیسلاحخوازانی دەوڵەتیو خزمەتکارانی تائێستای ئەم رژیمەو خوییەکانیش کە هەتا دوێنێ کاربەدەستو بەرپرس بوون، تارادەیەکو بەگشتی لە بازنەی ململانێکان وەدەر نراون. ئەمجارە تەنانەت بەر لە شۆرای نیگابان، لێژنەکانی ئیجرایی وەزارەتی کیشوەر، بە کردەوە راڕاییەکیان نەهێشتۆتەوە کە لەهاتنی هەموو کەسێک جگە لە خۆیان بۆنێو ئەم بەناو هەڵبژاردنانە بەرگیری دەکەن.

ئەمە بارودۆخێکی تایبەتی بەرهەمهێناوەو بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت ئەو حیزبو کەسایەتییە سیاسییانەی بە درێژایی دەسەلاَتی کۆماری ئیسلامی لە شانۆکانی ناسراو بە هەڵبژاردن بەشداریان کردووە، بەنیسبەت بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی هەشتەم، راشکاوانەو لەپەناوە، تەردیدی خۆیان راگەیاندووەو بەم جۆرە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا خەریکە بەربلاَوترین بەرەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بیچم دەگرێت.

ئێمە ئەم زەوت کردنەی مافی خەڵک لە لایەن کۆماری ئیسلامی کە لە دەورەی ئەحمەدی نژاد زیاتر لە هەرکاتێک بەربلاَوتر بووەتەوە، مەحکووم دەکەینو لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەم رووداوانە بۆ جارێکی دیکە، نێوەرۆکی دژە خەڵکیو دژە دێمۆکراتیکی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەخاتەروو و هەروەها دەیسەلمێنێ کە بە بێ هەڵپێچانی ئەم رژیمە بە یاسای بنەڕەتیو ویلایەتی فەقیهەکەی، بە مافیای سپای پاسدارانو ئەشکەنجەگەرانی ئیتلاعاتییەکەیو بە هەموو کولتووری کۆنەپەرەستانەو نزمی ئەو، ولاَتی ئێران روی ئازادیو عەداڵەت بە خۆیەوە نابینێ.

ئێمە هاوکات لەگەڵ بانگەواز بۆ هەموو رێکخراوو دەزگاو کەسایەتییەکان لە ناوەوەو دەرەوە بۆ بایکۆتی هەرچی بەربلاَوتری ئەم شانۆ بێ ناوەرۆکە لە سەرانسەری ئێران، بەتایبەت لە خەڵکی کوردستان داوا دەکەین کە بە بەشداری نەکردنی راشکاوانەو بەربلاَوی خۆیان، مەشروعییەتی رژیمی سەرکوتو ستەمو ئەشکەنجەو ئێعدام ببەنە ژێر پرسیارو جارێکی دیکە مۆرکی تاونباری لە نێوچاوانی بدەن.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٠ی رێبەندانی ١٣٨٦– ٣٠ ژانویەی ٢٠٠٨**